# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی


لەندەن\ 17جینیوەری2007:

# وەزارەتی ناوخۆ ی بەریتانیا وەڵامی  یاداشتنامەی 27 ڕێکخراو لایەنی کوردی و عیراقی دەداتەوە

لەکۆبوونەوەی وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوە کوردی و عیراقیەکان لە لەندەن رۆژی 27–11–2006 ،یاداشت نامەیەك لەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیرقی ئامادەکرابوو خرایە بەردەم ڕێکخراوەکان ، 27 ڕێکخراوی پەنابەری و عیراقی و لایەنی سیاسی ئیمزایان لیٚ دا ،سەئەنجام نۆینەرانی وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا ناچار کرا بەندەکانی ئەم یاداشتانامەیە کە پێك هاتبوو لە( داوای دەست بەجیٚ  راگرتنی گیرانەوەی  بەزۆری پەنابەرانی کورد ، بەرسمیت ناسینی مافی پەنابەری و گیرانەوەی خزمەتگوزاریەکان بۆ پەنابەرانی کورد، کۆمەك کردن بە و پەنابەرانەی لەسەر خواستی خۆیان گەراونەتەوە کوردستان بۆ دامەزراندنەوەی ژیانیان  تیا هاتبوو..) مناقەشە بکات و بەلێن بدات بیخاتە بەردەم  وەزیر ...وەزارەتی ناخۆ لە نامەیەکی رەسمیدا کە ئاراستەی فیدراسیۆنی کردوە بەم شێوەیە وەڵامی  یاداشت نامەکە دەداتەوە.

## ریکخراوی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2007-1-8

## بەرێزان:

من وەڵامی ئەو نامەیە دەدەمەوە کە لەلایەن ڕێکخراوە عیراقی وکوردی یەکانەوە درابووە وەزارەتی ناخۆ .من تیبینی ناوەرۆك و پێشنیارەکانی نامەکەی ئێوەم کردووە و زۆرخۆشحاڵم بەو شتانەی کە لەکۆبوونەوەی ڕێکخراوەکان دا باستان کردن.

من لەنامەکەی 31–7–2006 دا،کە بۆ ڕێکخراوەکان ناردبووم و لەلایەن ئەنجومەنی پەنابەران (رفیوجی کانسلٚ)وە دابەش کرا،من بەتەواوی روونکردنەوەی خۆم لەبەرامبەر پەنابەران دا دابوو وە کۆمەکی ئەو نامەیە لەگەڵ ئەم نامەیەدایە.

وەزارەتی ناخۆ بەشێوەیەکی راستەخۆ چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات،بەبەکارهینانی سەرچاوەی جیاوازی زانیاریەکان وەکو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی یەکان ،ڕێکخراوە ناحکومی یەکان (NGO) ،بەشی کۆمۆنویڵس لە وەزارەتی دەرەوە هەروەها میدیاکان.

ئەم زانیاریانە بەشێوەی راپۆرتی گەورە بلأودەکرێتەوە و هەروەها ناو بەناویش راپۆرتی کورت بلأودەکرێتەوە و دەتوانرێت ئەم زانیاریانە لەسەر ماڵپەری بەشی پەنابەران بخوێنرێتەوە.

داواکاری پەنابەری لەبەریتانیا بریاری لەسەر دەدرێت لەسەر بنەما و ناوەرۆك و راستیەتی هەر کەیسێك ،کە بە بە پرۆسەیەك دا تێدەپەرێت لەلایەن بەشی پەنابەران و کۆچبەرانی وەزارەتی ناخۆوە.هەرکەسێك کە کەیسکەی رەفزکرا ،وەزارەتی ناخۆ پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەو کەسە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە ئەم وولأتە جێبهێڵیٚ ،هەروەها یارمەتی گەرانەوە  دابین کراوە بۆ گەرانەوەی خۆبەخشانە لەلایەن(بەرنامەی گەرانەوەی ئارەزوومەندانە).

ئەگەر کەسێك بریاری دا بەخۆبەخشانە نەگەرێتەوە ئەوا ئەمینێتەوە بۆ بریارو بەرنامەی ئێمە کە گەرانەوەی بەزۆر بۆ هەموو خەڵکێك دراسە بکات.هەموو ئەو کەسانەی رەفزیان هەیە و بەوانەشەوە کە لە سەنتەری گەرانەوەدا گیراون دەتوانن داوای یارمەتی یاسایی بکەن و پارێزەریان هەبێت.

ئێوە لەنامەکەتاندا باسی ئەوانەتان کردوە کە لەرۆژی 5-9-2006 دا بەزۆرنیراونەتەوە،بەرنامەی حکومەت ئەوەیە کە هەموو گیراوێك بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت .هەموو گیراوەکان پێویستە بەپێ ی یاسای گیراوەکانی ساڵی 2001کە لە 2-4-2001 ەوە جێ بەجێ دەکرێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

دەربارەی ئەو سکالایانەی کە گوایە گیراوەکانی رۆژی 5-9 خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا کرابێت ،فەرمانبەرانی بەشی زیندان و ناردنەوە هێز بەکار دێنن ئەگەر پێویست بوو بە تایبەتی بەکارهێنانی کەلەبچە.لەبەر ئەوە بەکارهێنانی زۆر تەنها لەکاتی پێویستدایە هێز بەکاردەهێنرێت ئەگەر کەسی گیراو مامەڵەی خراپی نواند.

هەر سکالایەکیش هەبێت دەربارەی خراپ مامەڵەکردنی فەرمانبەرانی زیندان و سەنتەرەکان و هەروەها سکالاّ دەربارەی کاتی گواستنەوەی گیراوەکان ،ئەوا لە لایەن لیژنەی سەربەخۆ و خەڵکی بێ لایەن چاودێری ئەم سکالایانە دەکەن و دەتوانن لێکولینەوەی دەربارەی ئەم سکالایانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بکەن.

وەزارەتی ناخۆ پێ ی باشە کە ئەو پەنابەرانەی رەفزیان هەیە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە بگەرێنەوە ئەگەر سکالأیەك دەربارەی ناردنەوەی خۆبەخشانە هەیە ،ئەوا پێویستە راستەخۆ بدرێت بەرێکخراوی (IOM) و وەزارەتی ناخۆ رەچاوی ئەو سکالأیانە دەکات کەلە دژ (IOM) کراون.

لەنامەتان باسی ئەو خەڵکانەتان کردووە کەلەسەر کار لابراون لەشاری هال(HULL) لەنامەکەی ئێوە ئەوە تێگەیشتم کە ئەو خەڵکانە پێویستە رێگەیان پێبدرێت ئیش بکەن و بمیننەوە لەبەریتانیا .هەر کیشەیەك هەبێت لەگەڵ وەزارەتی بەشی کارو پەککەوتواندا چارەسەر بکرێت نەك بەشی کۆچبەران لە وەزارەتی ناخۆ.

بەشی پەنابەران لە وەزارەتی ناوخۆ (IND) هەوڵدەدات کە ئاگاداری لەخاوەن کارەکان بکاتەوە کە بەشێوەیەکی یاسایی یانە لەگەڵ خەڵکی بیانی دا مامەڵە بکەن.

**دڵسوزتان تۆم دۆد**

**بەرێوبەری بەشی خزمەتگوزاری نیو دەوڵەتی.**

تەرجەمەی لەلایەن : محمد عەلی

IFIR: **PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal, Mobile: 07856032991**
d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk mobile: 07877489626
**or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083
www.csdiraq.com